## کۆمپانیای کوردستان ئایرلاینس بۆ گه شتی ئاسمانی
## نێوان هه ولێر- فرانکفۆرت بێ به ر نا مه یی یا ڕاستی نه کرد!!!

**یوسف مه نتک**



له هه موو جیهانداکۆ مپا نیا کانی گه شت وگوزار به فڕۆ که پرۆ گرام وسیستمی دیاری کراویان هه یه ، له کا ت و ساتی خۆ یدا جێ به جێ ده کر ێ که سیش دوا نا که وێ، ئه گه ریش دوا که وت یاسای لێپر سینه وه هه یه ئه گه ر حا له تێکیش بێته پێشه وه ئه وه له وا نه یه له چه ند سالێک جارێک شتی وا ڕوو بدا، که ڕووشی دا ئه وا هه قی گه شتیاران ده درێ وکۆ مپا نیا که ش سزا ده درێله لا یه ن حکو مه ته وه ،به لام ئه گه ر له کوردستان ڕووی داکێ لێپر سینه وه ده کا، له یه که م ڕۆژی کردنه وه ی فڕۆکه خانه ی هه ولێر ده یان جار حا له تی وا ڕویداوه ،هه ر چه نده بوونی ئه م فڕۆ که خا نه یه ی هه ولێروگه شتی ئاسمانی نێوان هه ولێر ی پا یته خت وووڵاتانی ده ره وه جێگه ی دلخۆ شیه بۆ هاووڵاتیا نی کوردله ده ره وه ، له کۆ ل ئه و ئیها نه و سوکایه تی پێکر دنه ی ووڵا تا نی ئێرا ن و سوریا و تورکیا ده بنه وه له کاتی گه ڕانه وه یاندا به م ووڵا تانه که ڕو به ڕویان ده بێته وه،به لام له گه ل ئه وه شدا مانای ئه وه نیه که کۆ مپا نیا فڕۆ که وانیه کانی کوردستان به که یفی خۆ یان بکه ن و له کاتی سه ر پێچی وکه م و کو ڕیدا حکو مه تی کوردستان لێپر سینه وه یان له گه ل دا نه کات و هه قی گه شتیارانیان لێ نه سه ندر ێ و سزا نه درێن یا غه را مه نه کر ێن ، من سه رنجتان بۆ ئه م ڕوداوه ڕاده کێشم که به سه ر خۆ مدا ها تووه.

دوای ئه وه ی به هۆ ی هاتنه پێشه ه ی کارێکی زروری، نه م توانی به تورکیا دا بگه ڕێمه وه،چه ندرۆ ژێک به ر له کاتی دیاری کراوی گه ڕانه وه م نا چار چووم بلیتی هه ولێر– فرانکفۆرتم کڕی ، ئه وانه ی له مه کته به که کاریان ده کرد زۆریان عه ره ب بوون له پرسگه وه تا ده گاته بلیت فرۆ ش ومحا سب به عه ره بی قسه یان له گه ل دا کردم ،کاتی فڕینم سه عات دوو ونیوی شه وبوو گووتیان ده بێ سه عات یانزه و نیو ی شه و لێره بیتله ڕێکه وتی27 و له سه ر26 مانگی 2007،2 گووتم با شه به سه ر چاوان زۆر دڵخۆش بووم،ئێواره ی دیاری کراوخۆم حازر کر دبوو سه عات ده ی شه و به ڕێبکه وم خزم و دۆست وبراده ر ها تبوون بۆ بۆ به ڕێکردن و ماڵئاوایی، نزیک سه عات ده ته له فۆ نێکم بۆ هات به ژمارهته له فۆ نی4843645 پیا وێک به عاره بی ئاخڤی دگه ل من ژمنڕا گۆت ئه توو سه یدا یوسفی، من ژێڕا گۆت ئه رێ، گووتی سه یدا یوسف فڕۆکه ی ئێمه دووا ده که وێ ده بی ئه توو سه عات پێنج ی به یانی بێیت بۆ فرۆ که خانه، منیش گوتم ته مام،وایی من و ئه وانه ی لام بوون شکێکمان لا دروست بو به تا یبه تی له به ر ئه وه ی مۆبایل له کوردستان زۆ بۆ گالته پێ کردن به کار دێت نه ک بۆ خزمه ت و کاری پێو یست ، جاری وا هه بووه کاری دڵته زێنی لێ که وتۆ ته وه، ئه م دیار ده یه ش ده سه لات به ر پر سیاره به را مبه ری، ئه وه بو من ته له فۆ نێکی تر ی مه کته به که م لا بووبۆ ته ئکید کردن به ژماره7504271697 ته له فۆنم بۆ کر دنه وه ئه م جاره یان ژنێک وه لامی دا یه وه هه مان ئه و ژنه بو که له پر سگه پێشوازی کردبووم ، به لام من له م سه ره وه پر سیارم لێ کردگووتم فڕۆ که که ی دێت ؟ گووتی به یانی سه عات 5 گووتم بۆ؟ گووتی فڕۆکه که دووا ده که وێ،منیش گووتم من فلانم ئه مشه و سه عات دوونیوفڕۆ که م هه یه ،گووتی سه عات یه کی شه و فڕۆکه که نا یێ به یانی سه عات پێنج وه ره ، ئیترمن دڵنیا بوم، ئه وه بوو به یا نی به ر له سه عات چوارمن و ئارامی برا بچوکم وشێروانی ئامۆزام له گه لم هاتن بۆ به ڕێکردنم، به ڕێ که وتین و نزیک سه عات چوار گه یشتین ،له

به ر ده ر گای فڕۆ كه خا نه مالئا وايمان له يه كتر كرد، منيش به ره وناو فڕۆ كه خا نه ڕۆ يشتم كه گه يشتمه ناوه وه كۆ مه لێک خه لكی تری لێ بوو به نيا زی گه ڕا نه وه ها تبوون، ده و رو به ری سه عات شه ش جا نتا كانيان لێ وه ر گرتين و چو ينه پشتی كۆ نترۆ له وه، گووتيان سه عات حه وت ده ڕۆن،به ڵام ئه وه ش ڕاست ده ر نه چوو،ئيتر جمو جۆل وپشێو يه ک كه وته نێو گه شتياران ئه وه بوو داواكرافه ر مانبه رانی كۆ مپا نيا كه بێن به مه به ستی ساغ كر دنه وه ی كاتی فڕينی فڕۆكه به ره و ئه لمانيا، قسه ی ئه وه هه بوو ده يانگووت به نزين نيه ، دوای كه مێک دوو كار مه ندی كۆ مپا نيا ی كوردستان ئاير لاينس هاتن به زمانی عاره بی قسه يان ده كرد يه كێكيان ده ی گووت ته ياره كه به نزينی نه ماوه وفڕۆكه خانه ش به نزينی نيه ئه وی تر يان ده يگووت كاپتن ماندوه ده ڵێ تا ئيسرا حه ت نه كه م ناڕۆ م،گه شتيار ێک له دواوه گوتی وه ڵاهی وانيه بزانه چ مه سئولێک تاخير دێت

بێزاری گه شتياران!

بێزا ريه كی زۆر گه شتيارانی داگرتبوو،هه ر چه ند كه سه و له به ينی خۆياندانارازيبونی خۆيان له م وه زعه ده ر ده بڕی، وه ڵا كاكه ئه وه وه زع نيه ئێمه تێداين ، ئه وی تر ده ی گووت له دوێنێ شه وه وه له سه عات ده وه ئه من لێره م، منا ڵ له برسان وبێ تا قه تی و بێ خه وی زيره يان ده چووه به ری ئا سمان، ئه وی تر كاكه گيان من ته ياره ی ئه مريكام هه يه ، يه كێكی تر منيش سه عات دوو ته ياره ی كه نه دام هه يه با شه بليته كه م بسو تێ كێ ئه و پاره يه ده داته وه به من، به كورديه كه ی نا ڕه زايه كه گه وره بوو ته قيه وه به ڵام چاره ی نه بو كه سيش گو ێ ی پێ نه ده دا.

له نێو فڕۆ كه خا نه ی هه ولێرپۆ ليسه كان زۆر هێمن و مه ده نيانه بوون له گه ل گه شتياران، هيوای دوا ڕۆ ژێكی باشتريان لێ ده كر ێ،ئه گه ر وا بمێننه وه و گه نده ليش ئه وان نه گر ێته وه خوا ڕه حم به هه موو ڵا يه ک بكات،من و د. حسام زه ند ی يه كتر يمان ناسی وبه ڕێزيان گووتی ئه ندا می سه نديكای ڕۆ ژنا مه نووسانی چيكم، منيش پێم ڕا گه ياند كه ئه ندا می سه نديكای ڕۆ ژنامه نووسانی ئه لمانم ،بۆ يا دگاری وێنه يه كمان گر ت له پڕێكا پۆ ليسێک هات گووتی ته سو ير مه منو عه زابت داوات ده كات منيش گوتم كاكه ئه وه وێنه كه م ڕه شكر ده وه چووم بۆ لای زابت گوتم كاكه ئه وه وێنه كه م ڕی ش كرده ، به هه مان ده ستور گوتی وێنه گر تن قه ده غه يه گوتم كاكه ئێمه ڕۆژنامه نوسين گووتی كاكه ئه وه ئه مره و ته وا له وا نه شه ئه وه يان له به رباری ئه منی بێت ، به ڵام له مه هامی ڕۆ ژنامه نووس نه گه يشتوون پێويستيان به ده وره يه كی ڕۆ شنبير ی هه يه ! .

له هه موو فڕۆ كه خا نه كانی جيهان وێنه گر تن ئاساييه، به ڵام لای خۆمان ئه م ديار دانه جۆ ره ها لێكدا نه وه يان بۆ ده كر ێ، به در ێژايی ئه وماوه يه ی به يه كه وه بووين له گه ل دكتۆر هه ر قسه ی خۆ شی بۆ ده كردم ديار بوو زۆر به ی ته مه نی له چيک وووڵاتانی تری ئه و رو پا به سه ر بر دبوو .

له فڕۆ كه خانه ته زوير چيه ک پاسه پۆر ت كۆنترۆل ده كات!

له پر ێكا گووتيان وه لا ئه وه كاک (....) خۆ ی هات ئێستا ده ڕۆ ين، كه سه يرم كرد ئه فنديه ک هات كۆ نه ته زوير چيه كی بن ديواری محكه مه ی هه ولێر بوو، به ر له چوون بۆ ناو فڕۆكه ئه وته زوير چيه پا سه پۆرته كان بۆ دوا جار كۆ نترۆل ده كات، پله ی ڕائيد ی هه يه ، زۆر سه يره حكو مه تێكی گه وره و گران خاوه نی ئه و هه مووشه هاده دارو پسپۆ ڕه ، چار ه نووسی ميله تێک و ئه و شو ێنه هه ستياره ته سليم به باباية كی ته زوير چی بكه يت، ڕێک وه كوو ئه وه وايه ووڵات جوامێری زاناو دانای لێ قات بێت، خوايه ئاخری خێر بێت.

كۆمپانيا به لێنه كانی ڕاست ده ر نه چوو!

له سه عات نۆو ده ده قيقه فڕۆ كه كه مان به ڕی كه وت به ناوی دايرێكت بۆ ئه لمانيا، كه چی له نێو فڕۆ كه ڕا گيان گه ياند له قبرس ترانزێت هه يه ئه وه ش بوه مايه ی پر سيارو گوومانی گه شتياران ، به ڵام كه مێک به ر له گه يشتنمان بۆ قبر س گووتيان به نزين تێ ده كه ين ، گه شتياران داوای خوار دنيان كرد ،گووتيان خواردنمان ته نها بۆ نێوانی قبر س و ئه لمانيا پێ يه، سه ر جه م گه شتياره كان

برسیان بوو،سه عات یانزه وپانزه ده قیقه ی به ر له نیوه ڕۆ که یشتینه  فرِۆ که خانه ی شاری(لار نه کا) ی قبر س تا به نزین له فرِۆ که کرا سه عاتێکی خایاند، کات دووانزه و ده ده قیقه به ره و فرانکفۆرت به ڕێ که وتین، ئینجا یه ک و ژه م خواردنیان پێ داین ماڵیان ئاوابێ، کات چوار و ده ده قیقه گه یشتینه فرانکفۆرت، له کاتی وه ر گرتنی جانتاکاندامالئاواییم له دکتۆر کردگووتی ئه گه ر هاتی بۆ چیک سه ردانم بکه له خزمه ت دام پێم گووت شتێک له سه ر ئه و سه فه ره ده نووسم وبڵاوی ده که مه وه  گووتی ئه مه یان ئه رکی تۆ یه ، ئه و قسه یه م بیر که و ته وه که ده لێ: سه فه ر سه نگی ڕه وشته.
پێو یسته ئه م که موو کوڕیانه له لا یه ن حکو مه تی کوردستان به هه ند هه لبگیرێ به دوادا چوونی به دوادا بکرێ وچاره سه ری بۆ بکر ێ، هه موو شتێک هه ر پاره کۆ کر دنه وه نیه له سه ر حسابی خه لک ،به تا یبه تی ئێستا کوردستان به قۆ ناغێکی هه ستیار و ناسک داده ڕوا، زۆرله وولاتانی بێگانه ڕووی تێ ده که ن به مه به ستی پرِۆ ژه و کار کردن، بۆ یه پێو یسته یاسای سیستمی سه فه ر به فرِۆ که دابنرێ ، بۆ ئه وه ی سه فه ره کان با شترو ڕێکتر بێت تاگه شتیار انیش هیلاک و ماندوو نه بن.